

شۆخان مستەفا

یاریزانی تۆپی دەستی یانەی وەرزشیی هەولێر:

# زۆربەی خانەوادەکان ڕێگری لە وەرزشکردنی کچەکانیان دەکەن

یانەی وەرزشیی هەولێر یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگی بە یارییەکانی ئافرەتان دەدات، تیپی تۆپی دەستی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و کچە یاریزانانی بەتوانایە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان شۆخان مستەفا-ی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری هەولێرە کە بە ئاستە بەرزەکەی هەموولایەکی سەرسام کردووەو خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی دەستی کوردستان و عێراق، پێشووتریش بۆ هەریەك لە یانەکانی برایەتی و ئافرەتانی هەولێر و کۆیە یاری کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** هاتنت بۆ نێو دونیای وەرزشی بە پێشوەختە و بەرنامە بوو، یاخود هەر لەناکاو رووت لەم جیهانە کرد؟**

-سەرەتا خۆم زۆر حەزم بە وەرزش دەکرد، بۆیە چوومە ناو یاریگاکان و دەستم بە وەرزش کرد.

***بۆچی لە ناو ئەو هەموو یارییە وەرزشییە سەرنجت بۆ یاریی تۆپی دەستی بوو؟**

-حەزێکی یەکجار زۆرم هەیە بۆ یاری تۆپی دەست، ئەوەش وەك خولیایەك بوو، بۆیە توانیم لە ناو جیهانی ئەم یارییە بوونی خۆم بسەلمێنم.

***وەکو یاریزان ئاستی یاری تۆپی دەستی لە شاری هەولێر چۆن دەبینی؟**

-ئاستێکی زۆر باشی نییە، چونکە زۆربەی خانەوادەکان دەبنە رێگر لە بەردەم کچەکانیان بۆ ئەوەی بێنە نێو وەرزشکردن.

*** ئەی لەسەر ئاستی کوردستان چۆنی دەبینی؟**

- بە باشی نابینم، چونکە نەبوونی هیچ خول و پاڵەوانیەتییەك بۆ یاریزانان نییە، تەنیا بە خولەکان ئاستی تیپەکان بەرەوپێش دەچێت، نەبوونی خولی بەردەوامیش هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی ئەم یارییە، چونکە یاریزان هەر مەشق بکات، ئیتر بێزاردەبێ .

*** بیرت لە وازهێنان لە وەرزش نەکردۆتەوە؟**

- نەخێر، بە هیچ شێوەیەك.

***بۆ ئەوەی یاری تۆپی دەست لە کوردستان پێش بکەوێت چی بکرێت باشە؟**

-بۆ بەردەوامبوونی یاریزانان و پێشخستنی ئەم یارییە پێویستیمان بە کردنەوەی پاڵەوانیەتی هەیە لەسەر ئاستی کوردستان و شارەکانیش ئەوکات کێبڕکێی زیاتر دروست دەبێ.

***گرفتی ئێوە لە یانەی هەولێر چییە؟**

-هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و زۆر ئاسوودەین لە یانەی هەولێر، زۆر سوپاس بۆ یاریزانان و دەستەی کارگێڕی و راهێنەرەکان، چونکە زۆر ماندوون لەگەڵمان.

***خەونی وەرزشیت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

-خەونی من ئەوەیە کە لە ئاستێکی زۆر بەرز یاری بکەم و بتوانم زیاتر پەرە بە ئاست و توانای خۆم بدەم.

*** ئامانجت لە وەرزش کردنت چییە؟**

- ئامانجم ئەوەیە کە کچان چیتر لە ماڵەوە نەبن و بێنە ناو یاریگاکان تا ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت لە کوردستان.

*** کاتت چۆن بۆ وەرزش داناوە؟**

- وەرزش کاتی خۆی دەوێت و دەبێت بۆی دابین بکەی، چونکە وەرزش زۆر گرنگە بۆ ژیانی هەموو مرۆڤێك.

*** چیت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەردەوام لە خزمەتی چینی وەرزشکاراندایە، سوپاس بۆ یاریزانان و راهێنەرەو سەرپەرشتیاری تیپەکەمان کە زۆر ماندوون لەگەڵمان.

# کاسیاس بڕیاری مانەوەی دا

ئیکەر کاسیاسی ئیسپانی و گۆڵپارێزی یانەی پۆرتۆی پورتوگالی خواستی خۆی بۆ مانەوە لە ریزی یانەکەیدا راگەیاندووە.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی یانەکەیدا، لەبارەی مانەوەی لەگەڵ یانەی پۆرتۆ، کاسیاس گوتی: نازانم دەمێنمەوە یاخود نا، بەڵام گەر کارەکە لە دەستی مندا بێت مانەوە هەڵدەبژێرم.

لای خۆشیەوە سەرۆکی یانەی پۆرتۆ رایگەیاند، کار بۆ ئەوە دەکات کاسیاس لە ریزەکانیاندا بمێنێتەوە.

کاسیاس هاوینی ٢٠١٥ لە یانەی ریاڵ مەدریدەوە پەیوەندی بە یانەی پۆرتۆ کردووە، رۆژی ٣٠ی حوزەیران گرێبەستەکەی لەگەڵ پاڵەوانی وەرزی ئەمساڵی، خولی یانەکانی پورتوگالدا تەواو دەبێت.





## کاپێلۆ ستایشی ماڵدینی و ئینێستا دەکات

فابیۆ کاپیلۆی ئیتاڵی و راهێنەری پێشووی یانەی ریاڵ مەدرید، ستایشی ئەندرێس ئینێستای ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە دەکات.
له لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی کاپیلۆ رایگەیاندووە، ئینێستا یاریزانێکی مەزنە و زۆری پێشکەشی تۆپی پێ کردووە.
کاپیلۆ گوتی: چەند یاریزانێك هەن شایستە ئەوەبوون تۆپی ئاڵتونییان پێ ببەخشرێت، نمونەشی بە (ئەندرێس ئینێستا) و (پاولۆ ماڵدینی) هێناوە.
کاپیلۆ راشیگەیاندووە هەرچەندە ئەو دوو یاریزانە شایستەی پێدانی تۆپی ئاڵتونی بوون ، بەڵام ئەو خەڵاتەیان پێنەدراوە، بەباشترین یاریزانی جیهان دەستنیشان نەکراون.




## گریزمان
## لە بەرشلۆنە نزیکە

جۆ سێپ ماریا بارتۆمیۆی سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە وردەکاری هەوڵەکانیان بۆ گواستنەوەی ئەنتوان گریزمانی هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ئاشکرا دەکات.
بارتۆمیۆ لە لێدوانێکدا، بە رادیۆی کەتەلۆنیای راگەیاندوە، لە ئۆکتۆبەری رابردوودا هاوشێوەی گفتوگۆکانیان لەگەڵ بەڕێوەبەری کاری یاریزانانداگفتوگۆی لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی گریزماندا کردووە.
گوتیشی لەگەڵ (ئینریکی سیریزۆ)ی سەرۆکی یانەی ئەتلەتیکۆمەدرید لەسەر چەند پرسێك گفتوگۆی کردووە، بەڵام لە ئێستادا کاتەکە گونجاو نییە بۆ ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی گفتوگۆکەیان.
سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە ئاشکراشیکردوە لە پشووی هاوینەی ساڵی رابردوو، چاوی بەئەنتوان گریزمان کەوتووە، بەڵام تەنها سڵاویان لەیەکتر کردووە.

# یانەی گارە خەونەکەی هاتەدی

تیپی تۆپی پێی یانەی گارەی پارێزگای دهۆك ئەم وەرزە هەر چەندە نیازی گەڕانەوەیان هەبوو بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام قەیرانی دارایی و ڕۆیشتنی یاریزانانی یانەکەی بۆ تیپەکانی تری کوردستان وای لە تیپەکەی کرد، کەوا لە خەونی گەیشتن بۆ خولی نایابی کوردستان دوور ببێتەوە، لە کۆی ئەنجامدانی دە یاریش لەم وەرزەی خولی پلە یەکی کوردستان تەنیا هەشت خاڵی کۆکردەوە، بەڵام بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان تیپەکە خەونی مانەوەی لە خولەکە بۆ زیندوو بووەوە دوای دابەزاندی یانەی شەهیدان لە خولی پلە یەکی کوردستان، لەبارەی هۆکاری ئەنجامە خراپەکانیش شێروان بەشار سەرۆکی یانەی وەرزشی گارە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «قەیرانی دارایی و نەبوونی پاڵپشتی ماددی لە تیپەکەمان لە هیچ لایەك وای لە ئێمە کرد کە سەرجەم یاریزانە باشەکانمان بڕۆنە یانەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان، ئێمەش بۆ بەشداریکردنمان پەنامان بردە بەر تیپی تازەپێگەیشتووانی ئەکادیمیای دڵکورد بۆ ئەوەی بەم یاریزانە لاوانە بەشداربین لە خولەکە، سەرجەم یاریزانەکانیشمان مێژووی لەدایکبوونیان لە ٢٠٠٠وە بۆ سەرەوەیە کە هەمووی لاو بوون، نەبوونی پارەش وای لێ کردین کە نەتوانین یاریزانی باش بهێنین، مووچەی ٤مانگمان بۆ دابین کردبوون لەلایەن سەرمایەدارێك کە تیپی داڵکورد بەڕێوە دەبات، سەرجەم مووچەکانمان ٣ملیۆن و ٩٠٠هەزار بووە، بۆیە هیچمان لە دەست نەهات، تەنیا مانەوەمان بوو لە خولی پلە یەك.» گوتیشی: «ئێمە تیپمان زۆرە و ئەنجامان باشە، تەنیا لە تۆپی پێ خراپین و هیچ داهاتێکمان نییە. دەبێ حکومەت هاوکاری تیپەکان بێت، ئەگەر هاوکاری بکرێین لەلایەن حکومەتەوە، دەتوانین کاری باش بکەین. تیپەکانی ترمان بە پارەی زۆر کەم ئەنجامی زۆر باشیان بەدەستهێناوە، بەڵام تۆپی پێی جیاوازە، ئێستاش پارەیەکی زۆر قەرزارین لە گرێبەست و مووچە و پێداویستی تر، بۆیە دەبێت هەوڵێك بدەین ئەو قەرزانە لەسەرمان نەمێنێ.»

## راهێنەری یانەی ئارارات:

# بەردەوام زوڵممان لێ دەکرێ

یانەی وەرزشیی ئارارات ئەم وەرزە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان لە کۆی ئەنجامدانی ١٤ یاری تەنیا خاوەنی (٢٠)خاڵە و لە پلەی چوارەمی ریزبەندیی یانەکانی کوردستان دێت، ڕۆژ لە داوی ڕۆژیش شەمەندەفەڕی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەرەو دواوێستگەی دەکەوێتە ڕێ، یانەی ئاراراتیش ئێستا لە هەوڵی ئەوەیە سێ خاڵی یارییەکەی یانەی شێروانەی بۆ هەژمار بکرێ، دوای ئەوەی سکاڵای لە دژی ئەو یانەیە تۆمار کردوە لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کە سێ یاریزانی دەرەوەی کوردستانی یاری پێ کردووە لەبەرامبەر تیپی ئارارات، ئەوەش بەدەرە لە ڕێنماییەکانی تۆپی پێی کوردستان، راهێنەری یانەکەش ئاماژەی بەوە داوە کە ئەمساڵ بەردەوام زوڵمیان لێ کراوە لەلایەن بەشێك لە ناوبژیوانان، لەم بارەشەوە ئەنوەر عەزیز راهێنەری تۆپی پێی یانەی ئارارات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە سکاڵامان بە فەرمی لە یەکێتی تۆپی پێی مۆرکردوە لەسەر یانەی شێروانە کە سێ یاریزانی دەرەوەی یاری پێ کردووە کە لە ڕێنماییەکان دەبێ دوو یاریزان بێ، بۆیە ئەگەر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان پێداچوونەوە نەکات بەم یارییە، ئێمە بڕیاری ئەوەمان داوە پاشەکشە بکەین لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان.» لەبارەی ناوبژیوانانیش گوتی: «ئێمە بەردەوام کێشەی ئەوەمان هەبووە کەوا ناوبژیوان هەڵەمان دەرهەق دەکات و ئێمەش نازانین چی بکەین بە بەڵگە هەڵە زەقەکانمان داوەتە بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، لە قۆناخی یەکەمیش ئەو کارەمان دەرهەق کرا، لێ ناگەڕێن ئێمە ئامانجەکەمان بپێکین و بێینە پێشەوە، بۆیە پێویستە ناوبژیوانیش وەکو راهێنەر و یاریزان بە پارە سزا بدرێن، بۆ ئەوەی کاری هەڵە دووبارە نەکەنەوە، نەك راگرتن بۆ چەند یارییەك، ئێمە سارد نابینەوە وەکو یانەی ئارارات و بگرە سووریش دەبین بۆ ئەوەی بتوانین لەم یارییانەی ماومانە ئەنجامەکانمان باشتر بکەین و شەڕی ئەنجامی باش و پلەکانی پێشەوە بکەین، گرنگ ئەوەیە ئێمە کاری خۆمان دەکەین و بەردەوامیش دەبین لە رکابەریکردن، چونکە ئێمە لەسەرەتای خولەکەوە پلانمان بۆ دارشتبوو ئەگەر نەبینە پاڵەوانیش، بتوانین پلەی دووەم بەدەست بهێنین.»





# یانەی ئاسۆ پلانی
# گەڕانەوە بۆ خولی نایابی کوردستان دادەڕێژێ

تیپی تۆپی پێی یانەی ئاسۆ سەردەمانێك یەکێك بووە لە یانە رکابەرەکانی خولەکانی کوردستان و قوتابخانە بووە بۆ دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا بۆ یانەکانی تری کوردستان، بەڵام پێنج ساڵە ئاسۆ چاوی لەوە بووە بگەڕێتەوە خولی پلە یەکی کوردستان، ئەمساڵیش دوای ململانێکی بەهێز توانی جارێکی دی بگەڕێتەوە خولی پلەیەکی یانەکانی کوردستان، لەبارەی گەڕانەوەی تیپەکە و پلانی داهاتووش کامەران جەبار راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی ئاسۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەر لە دەستپێکی خولەکە ئێمە وەکو ستافی راهێنەران و سەرۆکی یانە و کارگێڕی پلانی ئەوەمان دانابوو کە چۆن بتوانین سەربکەوینەوە بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنمان بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان برایەتی و خۆشەویستی و تەبایی و رێزلێنانی یاریزانەکانمان بوون لە نێوان یەکتری، لە پاڵ وەرزش، توانیمان برایەتی و خۆشەویستیش لە نێوان یاریزانەکان دروست بکەین، ئەوەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ گەیشتن بە ریزی یانە پلە یەکەکان و بەردەوام کارمان لەسەر ئەوە کردووە کە چۆن تیپەکە بگەڕێنینەوە دۆخی پێشووتری، چونکە ئامانجی ئێمە گەڕانەوەی سەردەمی زێڕینی یانەکەیە.» لەبارەی هەنگاوی داهاتووی تیپەکەش کامەران گوتی: « ئێمە ئەگەر هەر بۆ وەستان بوایە، هیچ پارەیەکمان لەو تیپە سەرف نەدەکرد، چونکە خولی پلە یەك و دوو هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، هیوای ئێمە گەیشتنە بۆ خولی نایابی کوردستان و گەڕانەوەمانە بۆ سەردەمی زێڕینی پێشووتر و لەوێشەوە بتوانین کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی باش بکەین، لە رووی گیروگرفتەکانیش گرفتی وامان نەبووە، چونکە خۆم و سەرۆکی یانە پێ هەڵدەستاین و چارەسەرمان دەکرد، یاریزانەکانیش زۆر باش بوون لەگەڵمان و ناتوانم بە وشە وەسفیان بکەم، بەگشتی لە ئاستی یاریزانەکانم رازیم، ئەو کارەی پێم سپاردبوون، توانییان بە سەرکەوتوویی لە نێو یاریگا جێبەجێی بکەن.»

